حکومەتی هەرێم زیانەکانی بەنداوی دەربەندیخان چارەسەر دەکات



وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو ئاشکرای کردووە، حکومەتی هەرێمی کوردستان بە زیاتر لە دوو ملیار دینار زیانەکانی بەنداوی دەربەندیخان چارەسەر دەکات.

ئەمڕۆ دوو شەممە، وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاوی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە راگەیەندراوەکدا ئاشکرای کردووە، بەردەوامن لە چارەسەر کردنی زیانەکانی بەنداوی دەربەندیخان .

بەپێی راگەیاندراوەکەی وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو، حکومەتی هەرێمی کوردستان دوو ملیار و دووسەد و هەشتا ملیۆن دیناری بۆ ئەو پڕۆژەیە تەرخانکردووە و بەرەوپێشبردنی گشتی بەنداو و کێگاکانی ئاو سەرپەرشتی جێبەجێکردنی دەکات.

وەزارەتی کشتوکاڵ رایدەگەیەنێت، سەرەڕای قەیرانی دارایی، 75٪ ی کارەکانی پڕۆژەی چاککردنەوەی زیانەکانی بەنداوی دەربەندیخان کە بەهۆی بووەلەرزەوە پێی گەیشتووە، جێبەجێکراوە و کاری بەردەوامیشی تێدا دەکرێت.